# لێکترازانی ناوخۆیی و مەترسیی داکشانی هەرێمی کوردستان لەنێو نەزمی نوێی هەرێمایەتی

**د. پەرویز ڕەحیم قادر**– دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

**پێشەکی**

ئەم ڕۆژانە ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی لۆزان (24ی تەمموزی ساڵی 1923)دا تێ دەپەڕێت، بەڵام ئاسەوارە نەرێنییەکانی تاوەکوو ئێستا هەر بەردەوامە و تەنانەت پاش سەد ساڵ لە خەبات و قوربانیی گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد، هەروەها گۆڕانکاری لە چەند سیستەمێکی نێودەوڵەتی، جارێکی دیکەیش لەم ماوەیەی دواییدا ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتی، هەروەها جموجۆڵە هەرێمایەتییەکان و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی عێراق، بۆتە هۆی ئەوەی کە لێکدانەوەی جیاواز و نەرێنیی بۆ بکرێت. بە مانایەکی تر، ڕەوتی ڕووداوەکان و بەم پێیەیش ئاماژەکان بۆ کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەرێنی نین و خاکی هەرێمی کوردستان بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان و، لەمەیش زیاتر ناکۆکیی کورد بە بەراورد بە سەد ساڵ لەمەوبەر نەک کەمتر نەبووە، بەڵکوو قووڵتریش بۆتەوە؛ ئەمەیش چارەنووسی کوردی ناڕوون و پڕمەترسی کردووە. هەرچەندە هیچ کات هەموو پێشبینییەکان وەکوو خۆی نایەتە دی یاخود هیچ کات ناکرێت ڕووداو و وەرچەرخانەکان بەوردی و زانستی پێشبینی بکرێت، بەڵام کاتێک کە هەر لێکۆڵەر یاخود ئەکتەرێکی سیاسی، گرنگی بە مەترسییەکان و ئاماژە و گۆڕانکارییەکان نەدات، ئەوە ئەگەری ڕوودانی سیناریۆ بۆ ئەو ئەکتەرە بەرزتر دەبێتە و شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی پڕ لە گەشبینی ناتوانێت خوێندنەوە بۆ واقعی سیاسیی ناوخۆیی و گۆڕانکارییە جیۆسیاسییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بکات. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، هاوکێشە، جموجۆڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لە ئاستی ناوخۆیی، عێراقی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بۆ کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەرێنی نین، بەڵکوو هەڵگری هەڕەشە و مەترسیی گەورن.

لەم چوارچێوەیەدا، خوێندنەوەی ڕیالیستی بۆ هەڕەشەکان، دەتوانێت وا بکات کە هەر ئەکتەرێک و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە دەوڵەت نییە و گۆڕانکارییە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر دابنێت، ئامادەکاری بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکات و کەڵک لە دەرفەتەکان وەربگرێت و بەرەنگاری هەڕەشەکان ببێتەوە یاخود لانی کەم هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسانەتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان بکەن. هەرچەندە لە بابەتەکەیش دوور دەکەوینەوە، بەڵام یەکێک لە کێماسییەکانی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا ئەوە بوو کە بەوردی لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکانی ژینگەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی نەکردووە یان هەر ئاگاداریان نەبووە و، تەنانەت لە

ڕوانگەی خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ واقعی هەرێمایەتی و هاوکێشە نێودەڵەتییەکان کردووە؛ لێکەوتە و ئەنجامەکەیشی بە کارەسات بۆ کورد شکاوەتەوە. خو ئەگەر پێشبینیی بەشێک لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی بکردبایە یان خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی واقعیی دوور لە حەز و ڕوانگەی خۆی بۆ ئەو هاوکێشانە کردبایە، لەوانەیە ئاسەواری نەرێنی یان لێکەوتە مەترسیدارەکانی، زیانی کەمتری گەیاندبایە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی.

لێرەدا، هەوڵ دەدەین بەپێی ئەو ئاماژە و ڕووداو و جموجۆڵانە، خوێندنەوەیەکی وردتر لە گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو، چونکە ئامادەکاری بۆ ئەو ڕووداو و سیناریۆ و ئەگەرانە وا دەکات کە زۆر جار ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕێت و وەکوو خۆی نەیەتە دی و، بەم پێیەش بە زیانێکی کەمتر لێی دەربچین. بۆیە لێرەدا بەپێی ئاستەکان چەند مەترسی و هاوکێشەیەک دەخەینە ڕوو کە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە و لە بەشێک لە نووسینەکەیشدا بەکورتی ئاماژە بەو پلان و هەنگاوانە دەکەین کە دەتوانێت ئەو مەترسییانە کەمتر بکاتەوە یاخود بڕەوێنێتەوە. هەرچەندە بەشێک لەو هەڕەشە و مەترسییانە نوێ نین و بە شێوازی جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو، بەڵام لە ئێستادا و لەم قۆناغەدا، ئەو فاکتەر و یاخود مەترسی و هەڕەشانە کاریگەری و زیان و لێکەوتەیان بەرزتر و زیاترە.

- **یەکەم: ئاستی ناوخۆیی و عێراقی**
- **ناکۆکی و لێکترازانی سیاسی ناوخۆیی و لێکەوتە نەرێنییەکانی**

ململانێ سیاسییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان سنووری ئاسایی و یاسایی خۆی تێ پەڕاندووە و ئەمەیش بە مەترسیدارترین فاکتەر دادەنرێت کە کاریگەریی بنەڕەتیی لەسەر کۆی هاوکێشەکان لە ئاستەکانی دیکە دەبێت و، بەم پێیەش قەبارە و کاریگەریی مەترسییە دەرەکییەکان بەهێزتر و ئەگەری ڕوودانیان خێراتر دەکات. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەک و حزبە سیاسییەکانی دیکە لە لایەکی دیکەوە، وای کردووە کە لە ڕووی ئاسایشی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان لە پاش شەڕی براکوژی و ساڵی ٢٠٠٣وە لە لاوازترین و لەرزۆکترین ئاستی خۆیدا بێت لە عێراق و ناوچەکەدا. هەرچەندە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم فاکتەرە، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری و داینامیزمی ناوخۆیی خودی حزبە سیاسییەکان، بەڵام لێکەوتەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی ناوەستێتەوە و شۆڕ بۆتەوە بۆ ناو کایەی سیاسی و، تەنانەت کاریگەریی لەسەر پێگە و ئەدای حکوومەتی هەرێمی کوردستان داناوە و جارێکی دیکە دوو هێزی سەربازی و دوو زۆنی زەق کردۆتەوە و، ئەمەیش پەڕیوەتەوە بۆ ناو هاوکێشە سیاسییەکانی بەغدا. باشترین نموونەیش لاوازیی کورد لە پەرلەمان و حکوومەتی بەغدا و لە بەرامبەر هێزە سیاسییە شیعەکان بوو کە لە کاتی پەسندکردنی یاسای بوودجەی فیدراڵی، زیاتر بەرجەستە بووەوە و لێکەوتەکانی لە مەترسیدارترین یاسای بوودجەی عێراقی پاش ساڵی ٢٠٠٣ بۆ کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت و تەنانەت ئاسەوارەکانی ئەمە لە ماوەیەکی زەمەنیی کورت وا دەکات کە، کۆی هاوکێشە ناوخۆییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان گۆڕانی بەسەردا بێت. تەنانەت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لە دژی بەرژەوەندی و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لێکەوتەی ڕاستەوخۆی ئەم ململانێیانە بێت کە دوایینیان هەم لەسەر پرسی هەڵبژاردنی سەرککۆماری عێراق و هەمیش ناکۆکی و لێکترازانی قووڵی نێوان ئەم دوو هێزە لەسەر یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆن و کۆتا و لیستی هەڵبژاردن و...، وای کرد کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بڕیاری هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و زاڵبوونی عێراقی بەسەر

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی لێ کەوتەوە. تەنانەت ئەم ململانێیانە وای کردووە لە لایەک لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی باڵانس و تەنانەت لاوازکردنی یەکتری، پەنا بەرنە بەر لایەنە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی عێراق و لە لایەکی تریشەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خودی هاوپەیمانان بە ڕوانگەیەکی نەرێنی و ڕەخنەییەوە بڕواننە ئەو هاوکێشە و ململانێ سیاسییە ناوخۆییانەی هەرێمی کوردستان و مەترسییەکانی لە چەندان بۆنە و بواری جیا بخەنە ڕوو.

## ▪ کاریگەریی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان

هەموو ئەمانەیش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لە لایەک هێرش و چالاکی سەربازی دەوڵەتانی هەرێمی بەرزتر و مەترسیدارتر ببێتەوە و لە لایەکی تریشەوە، بەتایبەتی ئێران ئاسوودەتر و ساناتر هەڕەشەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان بکات. بەم پێیەیش لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم ناکۆکی و لێکترازان و ململانێ سیاسییە ناوخۆییانەی کوردستان، پێشبینی دەکرێت کە جگە لە تێکچوونی ئاسایشی سیاسی و سەقامگیریی ناوخۆیی کوردستان و لاوازبوونی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و بەتایبەتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پارێزگاکانی عێراق و داهاتووی یاسایی، بارودۆخی ئاسایشی و سیاسی، دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش لێکەوتەی گەورەی نەرێنیی هەبێت، هەروەکوو چۆن لە پاش ٢٠١٧وە، دۆخی ئەو ناوچانە نالەبارتر و مەترسیدارتر دەبێتەوە بۆ کوردی ئەو ناوچانە و، لێشاوێکی بێوێنەی تەعریب و تەرحیلی ڕانەگەیەندراو ڕوو لەو ناوچەیە بکات.

## ▪ لێکەوتەی نەرێنیی ناکۆکییەکان لەسەر ئاستی دەرەکی

ئەمانەیش لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە گۆڕانکارییەکانی ژینگەی نێودەڵەتی بەهۆی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ هەرێمی کوردستان هێنایە ئاراوە کە لە ڕێگەی وزەوە، بەشێک بێت لە ئاسایشی وزەی ڕۆژاواییەکان و لەم ڕێگەیەوە پێگەی خۆی بچەسپێنێت و ئاسایشی سیاسی و سەربازی و تەنانەت ئابووری بە ئاسایشی ئەوروپییەکانەوە گرێ بدرێت؛ بەڵام ململانێ سیاسییەکان نەوەستایە سەر ناکۆکیی سیاسی، بەڵکوو ئەم ململانێ و لێکترازانانە شۆڕ بووەوە بۆ ناکۆکی لەسەر پرسی دەرهێنان و هەناردەکردنی گازی سروشتی و، ئەم دەرفەتەیشی لەبار برد. هەموو ئەوانەیش وا دەکات کە جگە لە لاوازیی ناوخۆیی، هەرێمی کوردستان لە ئاستی دەرەکییش پشتیوانی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی لەدەست بدات.

## ▪ کاریگەریی نەرێنیی لێکترازانەکان لەسەر ڕەوایەتیی سیستەمی سیاسی

لە لایەکی تریشەوە لە ئاستی ناوخۆیی، ئەم ناکۆکییە سیاسییانە وا بکات کە ئاماژە مەترسیدارەکانی لێکترازانی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵات کە بە بەشدارینەکردنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەرکەوێت و، ئەمەیش کۆی سێکتەرەکانی ئاسایشی بخاتە مەترسییەوە کە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان پرسی ڕەوایەتیی ڕاستەقینە (نەک تەنیا ژمارەی کورسییەکانی لایەنە سیاسییەکان)، پرسێکی ژیانی و جددییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. لێرەدا باس لە کاریگەریی فاکتەرە سەربازی و کۆمەڵگەیی و ئابووری و ژینگەییەکان ناکەین وەکوو مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە بوارێکی جیایە لە بابەتی نووسین و لێکدانەوەکەمان.

- **لێکترازانی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لەسەر هاوکێشەکانی عێراق: پاشگەزبوونەوە لە فیدراڵییەت و مەترسییەکانی**

لەم چوارچێوەیەدا، لە ئێستادا یەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکان بۆ سەر مانەوە و بەردەوامیی هەرێمی کوردستان، هاوکێشە و ئاڵوگۆڕەکانی عێراقە. بەم واتایە کە ئەجێندای وڵاتانی هەرێمایەتی لە عێراق، هەروەها هاوسەنگیی ناوخۆیی هێزە سەرەکییەکانی عێراق لە پاڵ سیاسەت و بەرنامەی ڕانەگەیەنراوی شیعەکان لە هەمبەر هەرێمی کوردستان، وای کردووە کە جگە لەوەی دەستوور پێشێل دەکرێت، پاشەکشەیەکی ئاشکرا لە پرسی فیدراڵییەتی عێراق و ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت. بۆ نموونە گوشارەکانی بەغدا و بەکارهێنانی دامەزراوە و ئامرازە دەستوورییەکانی وەکوو دادگەی فیدراڵی و، دامەزراوە یاساییەکانی وەکوو پەرلەمان و حکوومەت و کارکردن بە لۆژیکی زۆرینە و کەمینە بەبێ ڕەچاوکردنی سروشتی نەتەوەیی و سیاسی و یاسایی و دەستووریی عێراق، ئاماژەیەکی مەترسیدارن بۆ سەلماندنی ئەو هەڕەشانە لەسەر هەرێمی کوردستان. باشترین بەڵگەیش بەکارهێنانی دادگەی فیدراڵییە لە ململانێ سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و تەنانەت پەنابردنە بەر دادگەی نێودەوڵەتییش وەکوو ئەوەی لە پرسی بڕیاری دەستەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سەر بە ژووری بازرگانیی پاریس سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بینیمان.

جگە لەمانەیش پاشگەزبوونەوەی خێرای هێزە سیاسییەکان لە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەت و پێشێلکردنی هاوبەشییەکان لە پەرلەمانی عێراق و کارکردن بە لۆژیک و میکانیزمی زۆرینە و کەمینە لە پرسی بوودجەدا، ئەوە نیشان دەدات کە قۆناغێکی مەترسیدار لە پەیوەندییەکان و هاوسەنگیی هێز لە نێوان بەغدا و هەولێر هاتۆتە ئاراوە. لەم چوارچێوەیەیشدا بەهۆی نالەباریی دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، پێشبینی دەکرێت هێزە شیعە عێراقییە دەسەڵاتدارەکان ئەمە بە دەرفەت بزانن و گوشارەکانیان بۆ سنووردارکردن و بچووککردنەوە و بەم پێیەیش خۆبەدەستەوەدانی تەواوەتیی هەرێمی کوردستان چڕتر بکەنەوە. هەروەها پێشبینی دەکرێت ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوە پاش گۆڕینی هاوسەنگیی سیاسی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و، هەروەها گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچانە، دەست بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستوور ببرێت؛ بەم واتایە کاتێک عێراق ئەو ماددەیە جێبەجێ دەکات کە دڵنیا بێت کورد و پاشان تورکمان کەمینەن و ئەو کاتە بەیەکجاری و بۆ هەمیشە لە ڕێگەی یاسایی و دەستوورەوە، کۆتایی بە کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە دێنێت. هەروەها گوشار و لێدان لە جومگەکانی ئابووریی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا ئاماژەیە کە دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە هەم لە ڕووی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان لەرزۆک و لاواز بکات و هەمیش وا بکات کە خودی خەڵک بە هۆکاری ناکۆکیی سیاسی و نارەزایەتیی ئابووری لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی دژی پارتی و یەکێتی ڕاپەڕن یاخود لانی کەم پشتیوانی لە لاوازبوونی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی دەسەڵاتەکانی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان یاخود گەڕانەوە بۆ بەغدا بکەن.

- **دووەم: ئاستی هەرێمایەتی**
- **هاتنەئارای هاوکێشەی نوێی هەرێمایەتی**

هاوکێشەیەکی ڕیالیستی بەڵام ڕاستییەکی تاڵ بۆ کورد بەگشتی ئەوەیە کە، کاتێک ململانێی نێوان ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان لە لایەک و ئەکتەرە هەرێمایەتی و زلهێزە نێودەوڵەتییەکان لە لایەکی ترەوە لە ئارادایە، ئەوە

بەخت و ئەستێرەی کورد ڕوو لە درەوشانەوە دەبێت و بەپێچەوانەکەیشی بەداخەوە تاوەکوو ئەم چرکەساتە هەر ڕاستە! لەم نێوەندەیشدا هەرێمی کوردستان و عێراق لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم هاوکێشانەدایە؛ بەم واتایە کە کاتێک جەمسەرە هەرێمایەتییەکان لەسەر بنەمای ململانێ و پێکدادانی توندتر دەبن، ئەوە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی بۆ ڕۆڵبینین هاتۆتە پێشەوە، بەڵام لە ئێستادا کە جەرمسەربەندییەکان بەهۆی گوشاری ناوخۆیی و گوشاری سەروەهەرێمی بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و گواستنەوەی هاوکێشەکانی نێوانیان

لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆ هاوکێشەی ڕکابەرایەتی و تەنانەت هاوکاری و هەماهەنگی دەچن و لە هەمان کاتیشدا بۆشاییی زلهێزێکی نێودەوڵەتی یاخود سۆپەرپاوەرێکی وەکوو ئەمریکا دەرکەوتووە، ئەوە ئەکتەرە پێکناکۆکەکان کە ململانێ و ناکۆکییەکانیان پێشتر ناسنامەیی و ئاسایشی بوو، ڕوو لە دروستکردنی کۆمەڵەیەکی ئاسایشی دیکە دەکەن. بۆ نموونە، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ولاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و تەنانەت ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندی سعودیا و ئیسرائیل و، هەروەها سعودیا و ئێران و، هەروەها ولاتانی عەرەبی و تورکیا، وا دەکات کە ئەم هاوکێشە و هاوسەنگییەی ڕابردوو بگۆڕێت و کاریگەریی ڕاستەوخۆیشی لەسەر هاوسەنگیی هێز لە ناوخۆی عێراق و بەتایبەتی هەواڵبەندییە سیاسییەکان دەبێت. تەنانەت یەکێک لە لێکەوتەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبی، ئاڵۆزتربوونی پرسی چارەسەری کێشەکانی فەڵەستینییەکان و ئیسرائیل و داهاتووی فەلەستینییەکان بوو. لە لایەکی تریشەوە، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی ئێرانییەکان لە دژی دەسەڵاتی ئێستای ئەو ولاتە، کەوتە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی سعودیا و ئێران لە لایەک و ئەمریکا لەگەڵ ئێران لە لایەکی ترەوە. بەم واتایە کە ئەو دەوڵەت و لایەنانە بەهۆی ئەم هاوکێشانەوە پشتیوانی و پاڵپشتییەکی ڕاستەقینە و ئەوتۆیان لە ڕاپەڕیوە وەزاڵەهاتووە ئێرانییەکان نەکرد و ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندیش بوونەوە.

### ▪ کاریگەری و لێکەوتەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هاوکێشە هەرێمایەتییەکان

بەشێکی ئەمەیش بەهۆی جەنگی ئۆکراینا و ڕووسیا هاتۆتە ئاراوە و بەشەکەی دیکەی بۆ گوشارە سیستەمییەکان و پاڵنەرە ناوخۆییەکان و تەنانەت گۆڕانکاری ناوخۆیی ئەم ئەکتەرانە. لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵی ڕوو لە هەڵکشانی چین لە جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا لە ئاستی نێودەوڵەتی و، هەروەها ڕۆڵی لە ناوبژیوانییەکان و، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە وەکوو ئێران و سعودیا و...، لە ئاستی هەرێمایەتیدا وای کردووە ئەکتەرە سەروەهەرێمایەتییەکان، وەکوو ئەمریکا و ولاتانی ئەورووپی، بەتەواوی پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بخەنە پەراوێزەوە. لەم نێوەندەیشدا ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکوو هەرێمی کوردستان ڕۆڵ و پێگەیان لاواز دەبێت، ئەگەر هەردوو بەرەی ئەکتەرە هەرێمایەتی و ئەکتەرە سەروەهەرێمایەتییەکان بە مەبەستی ململانێ و ڕکابەرایەتی لەگەڵ یەکتری مامەڵە لەگەڵ ناوەندێکی بەهێز بکەن. جگە لەمانەیش، ئەگەری ڕێککەوتنی نافەرمی یاخود نەنووسراوی ئیدارەی بایدن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پرسی ئەتۆمیی ئێران وا دەکات، جارێکی دیکە ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا پێگەی بەرزتر ببێتەوە و ئەمەیش لە قازانجی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکەیە و، هەروەها وا دەکات ولاتانی دیکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و دوورخستنەوەی مەترسییەکان مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەن وەکوو ئەکتەرێکی ئاسایی. هەر ئەمەیش وای کردووە کە هێزە پرۆکسییەکانی ئێران یاخود هێزە سیاسییەکانی لایەنگری ئێران لەم ماوەیەدا کەمترین هێرش بکەنە سەر هێزە ئەمریکییەکان یاخود بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە.

- **ئامانج لە گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ لەلایەن ئەکتەرە هەرێمایەتییەکانەوە**

هاوکێشەکە بەم شێوەیە کە کەمبوونەوەی پابەندییە سەربازی و ئاسایشییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە وای کردووە کە دەوڵەتانی عەرەبی، فرەلایەنگەرایی لە پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بکەنە بنەمای ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەیان و لەم ڕێگەیەوە لە هەمبەر نەیارە هەرێمایەتییەکان هەم سیاسەتی هاوسەنگکردنەوە بگرنە بەر و هەمیش لە ڕێگەی وابەستەیی دوولایەنە و کارلێکی ئابووری، ئاسایشی خۆیان گرێ بدەنەوە بە بەرژەوەندیی ئەکتەرە جیاواز و پێکناکۆکەکان. بۆ ئەم مەبەستەیش لە ئاستی بارگرژییەکان کەم دەکەنەوە و لە بەرامبەریشدا کالایەکی ستراتیژی بە ناوی "ئاسایش" دەستەبەر دەکەن. بەرزبوونەوەی ڕۆڵی چین لە ناوچەکە لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

- **سێیەم: ئاستی نێودەوڵەتی و سەرووهەرێمایەتی**
- **مەترسی و لێکەوتەی ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکان**

بەو پێیەی کە بە هۆکاری ناوخۆیی و، هەروەها هەرێمایەتی نەمانتوانی کەڵک لە دەرفەتی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا لە پرسی هەناردەکردنی وزە (بەتایبەتی گازی سروشتی) وەربگرین، لێکەوتە نەرێنییەکانی دیکەی ئەم جەنگە بۆتە هۆکاری دروستبوونی مەترسی بۆ سەر داهاتووی هەرێمی کوردستان؛ یەکێک لەو مەترسیانەیش زاڵبوونی ڕوانگە و سیاسەتی میلیتاریستی بۆ پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هاوکێشەکانی سیاسەتی جیهانییە و، هەروەها بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەورووپا و تەنانەت لە ئەمریکا. هەر ئەم گۆڕانکارییانە وای کردووە کە گرنگیدان بە پرسەکانی وەکوو مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ئاستی جیهانی پاشەکشە بکات و پرسە ئاسایشی و ئابوورییەکان بێتە ڕۆژەڤی سیاسەتیدەرەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایەوە؛ ئەوەیش بەهۆی ئەوەی کە بەرەنگاری مەترسییەکانی چین و ڕووسیا ببنەوە و، لێکەوتەکانی ئەمەیش کاریگەریی لەسەر سیاستی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە و بەپێچەوانەیشەوە، هەبووە کە تاوەکوو ئێستا بە پاڵشت و پشتیوانی هەرێمی کوردستان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەناسران. بۆ نموونە دەوڵەتانی ڕۆژاوایی هەوڵ دەدەن کە بەرژەوەندییە ئابووری و ئاسایشییەکانیان بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆ لە جەنگ و کێشە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان بپارێزن و لەم ڕێگەیشەوە چاوپۆشی لە پەراوێزکەوتنی کەمینەکان یان هاوپەیمانەکانیان دەکەن.

- **مەترسیی بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان**

باشترین نموونەیش بووە لە هەمبەر ئەفغانستان یان داهاتووی نارووونی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەمبەر هەڕەشەکانی تورکیا و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە لە ئەگەری هاتنەسەرکاری کەسێکی وەکوو دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆکایەتیی ئەمریکا. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، دەوڵەتان زیاتر گرنگی بە پرسە ناوخۆییەکانیان دەدەن کە بوونەتە کێشە بۆ ئابووری و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵگەییان و بەم پێیەیش پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە کەمترین پاڵپشتیی هەیە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانە و لە لایەکی تریشەوە، بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان وا دەکات کە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتە نادیموکراسییەکان ببێتە ڕەفتارێکی ئاسایی لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا، چونکە ئایدیۆلۆژیای پارتە سیاسییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە و بەپێچەوانەی ڕابردوو، سیاسەتەکانیان لە بواری دەرەکیدا کەمترین دژایەتیی ناوخۆیی دەبێت، ئەگەر بەرژەوەندییە ئاسایشی و ئابوورییەکانی ئەو دەوڵەتە بپارێزێت. ئەمەیش هانی حزبە سیاسییەکان و

سیاسەتمەدار و داڕێژەرانی سیاسەت دەدات کە لەم ڕێگەیەوە ڕەوایەتی و دەنگی دەنگدەرانان بەدەست بێنن. هەرچەندە تاوەکوو ئێستا ئەم هاوکێشەیە ڕەها نییە، بەڵام هێما و ئاماژەکان و ڕووداوە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی ئەوەمان پێ دەڵێن کە، لە داهاتوو ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەر بەم شێوەیە بێت، لە زۆربەی وڵاتان حزبە ڕاسترەوەکان دەسەڵات دەگرنە دەست.

- **هاتنەئارای دەرفەتە نوێیەکان لە پاڵ مەترسییەکان**

هەرچەندە ئەمەیش دەرفەتی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایە کە لە ڕێگەی بەهێزکردنی ناوخۆیی لە ڕووی سەربازی و بەتایبەتی لە جەنگی دژی تیرۆر و پرسی کۆچبەران و پرسەکانی وزە و ئابووری و تەنانەت کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق، بتوانێت جارێکی دیکە بێتەوە ناو هاوکێشەکانی ئەم ئەکتەرانەوە، بەڵام هاوکێشە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی لاوازبوونی کورد لە عێراق و ناکۆکی و لێکترازانی ناوخۆیی کورد لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی ناوچەییدا، ڕێگر بووە لە هاتنەدیی و بەم پێیەیش کاریگەریی فاکتەری دەرەکی بەهێزتر بووە لە فاکتەری ناوخۆیی. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ئەگەر کورد ببێتە ئەو ئەکتەرە کە وا بکات عێراق نەتوانێت بەسانایی پەراوێزی بخات و، هەروەها ئەجێندای هیچ دەوڵەتێکی هەرێمایەتی و سەرووهەرێمایەتی بەبێ کورد جێبەجێ نەکرێت و تەنانەت بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق و ناوچەکە پارێزراو نەبێت، ئەوە کوردستان دەتوانێت جارێکی دیکە بەهێز بێتەوە و لانی کەم خۆی لەگەڵ ئەم هاکێشە نوێیە جیۆسیاسییانە بگونجێنێت، چونکە ئەم شەپۆلە پۆپۆلیستی و ڕاستڕەوە، کاتییە، بەڵام کورد لەوانەیە بەرگەی تێپەڕاندنی نەگرێت ئەگەر لە ئێستاوە ئامادەکاریی لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی ڕیالیستی بۆ نەکات.

**کۆبەند**

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو مەترسییەکان بەڵام ئەوەی کە زیاتر هەڕەشە لە کوردستان دەکات فاکتەری ناوخۆییە، چونکە مەترسی و هەڕەشە دەرەکییەکان هەڵگری دەرفەتیشن، بەڵام ناکۆکی و لێکترازان و ململانێی توندی ناوخۆیی، هیچ دەرفەتێکی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکوو هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکانیش دەکاتە ڕاستی و ئاسەواریان بەهێزتر و قووڵتر دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەرفەتەکان دەگۆڕێت بە هەڕەشە.

گەورەترین دەرفەت تاوەکوو ئێستا لەرزۆکبوونی عێراق و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هێزە شیعەکان لە لایەک و کورد و سوننە و شیعە لە لایەکی دیکە و، هەروەها پێکناکۆکیی ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان لەگەڵ یەکتری و ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان لەگەڵ ئەکتەرە سەرووهەرێمایەتییەکان نییە (کە هەموو ئەمانە دەرفەتن)، بەڵکوو کاتیبوون یاخود لەرزۆکبوونی هەواڵبەندی و جەمسەرگیری و هاوپەیمانێتییەکانە؛ لە لایەکی تریشەوە، ململانێی چین و ئەمریکا و، هەروەها جەمسەرەکان لەگەڵ یەکتری وا دەکات دەرفەتی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە.

جگە لەمانەیش، هەرێمی کوردستان پێویستە "ستراتیژیی هاوسەنگیی ئەرێنی" بگرێتە بەر؛ بەم واتایە کە جگە لەوەی کە لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمایەتییەکانی وەکوو ئێران و تورکیا و سعوودیا و ئیمارات و... پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبێت، لە هەمان کاتیشدا، لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپاش ڕایەڵەیەکی بەهێزی پەیوەندی لە بواری جیاواز دروست بکات؛ بەتایبەتی لە ئاستی ناوخۆیی عێراق بەرژەوەندییەکانیان

بپارێزێت. ئەمەیش دەری دەخات دوایین کارتی بەهێزی هەرێمی کوردستان دیپلۆماسییەکەیەتی کە پێویستە بیپارێزێت و، هەروەها پەرەی پێ بدات و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا عێراق هەوڵی لێدان لەم جومگەیەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بدات. باشترین ستراتیژیش کە پێویستە هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا بۆ بەرزکردنەوەی پێگەکەی کاری لەسەر بکات، ئەوەیە کە بە دیپلۆماسییەکی فرەڕەهەند هەوڵ بدات بەشێک بێت لە ڕێڕەو و کۆریدۆرە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان. لەم چوارچێوەیەشدا، بە مەرجێک لە ئاستی ناوخۆییی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر ئەم سیاسەتە بکرێت، هاوکێشەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت: "ئەگەر مانەوە، ئاسایش و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان دەستەبەر و ڕەچاو نەکرێت، هیچ گەرەنتییەک بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و ئاسایشی لایەنەکانی دیکەیش بوونی نابێت."